# ديموكراسى لە كوردستان
# وەهـــــــم، يـــان حـــەقـــيـــقـــەت ؟

**لە پەراوێزى گفتوگۆكەى (سەرۆقادر) لەگەڵ هەفتەنامەى (جەماوەر) دا :**

تاهيرحەسەن
tahirhassan1@yahoo.com

لە ژمارە (٢٢٤) ى ڕۆژى دووشەممە ٢٠٠٧/٥/٢١ ى هەفتەنامەى (جەماوەر) دا، لە ژێر تەوەرى (كۆمەڵگەى كوردى و تـەوژمى ديموكراسيەت) دا. گفتوگۆيەك لەگەڵ (سەرۆقادر) لێپرسـراوى ناوەنـدى ڕاگەيانـدنى پـارتى ديمـوكراتى كوردسـتان سـازكراوە. لەوگفتوگۆيـەدا ( سـەرۆقادر) چـەند بابـەتێك لەمـەڕ (مێـژووى ديموكراسـى ، چـەمكى ديموكراسـى و خـەڵك، ديموكراسـى و دەسـەڵات، ڕەوتـى ديموكراسـى لەكوردسـتان) دەوروژێنێ و باس دەكات. بە بڕواى من لەبارى عيلمى و ناوەڕۆكەوە بێ ئەندازە بێ پايەيە. هەروەها شێواندنى ڕاستيە حاشاهەڵنەگرەكان و ميتۆدلۆژى لەڕادەبەدەر فەقيرو و لێكدانەوەى دواكەوتوانە، سيماى بەرجەستەى قسەكانى (سەرۆقادر) ە.

بەڵام بـەو هۆيـەوە كـە بەشـێكى بەرچاوى ڕۆشـنبيرانى كوردسـتان، لەسـەر پرۆسـەى ديمكراسـى مايـەيان دانـاوەو ئـەو ميتـۆدە لەسـەر كـارو چالاكيان سەنگينى دەكات. بۆيە بەپێويستم زانى لە ڕێگاى وەستان لەسەر هەنـدێك لـە تـەوەرى قسـەكانى ئـەوەوە، چـەند قسـەيەك لەسـەر چەمكى ديموكراسى و زەمينەكانى شكلگرتنى و ئەگەرى وەديهاتنى لە ڕۆژهەڵاتى ناوەڕاست و كوردستاندا بكەم.

## ديموكراسى وەهم، يان حەقيقەت ؟

ئەوەى كە چەمكى ديموكراسى لەلاى مليۆنەها ئينسانى ڕۆژهەڵاتى ناوەڕاست كردووەتە چەمكێكى شيرين و ئاواتـەخواز، نـاوەڕۆكى ئينسانى و سازگاربوونى ديموكراسى لەگەڵ پێداويستيەكانى كۆمەڵگەى ئينسانى ئەمڕۆدا نيە. بەڵكۆ ئەوە نيشانەى بێبەشى و بێماڤ موتڵەقى ژيانى ئەسەفبارى ئەو خەڵكەيە لەسايەى دەسەڵاتە ڕەشەقەومى و دينيەكانى ئەو وولاتانەدا. چەمكى ديموكراسـى قـەرزار بـارى سـەركوتگەرى بـێ پەردەى دەسەڵاتە قەومى و دينيەكانى ڕۆژهەڵاتە. شتێكى سەير نيە، خەڵكێك كە لەژێر دەسەڵاتى ڕژێمى بەعسدا ژيابێت و لەسـەر پارچـە كاغەزێكى دەستنووس چەندين ئيعدامى ديبێـت ، خـەونى ڕزگـارى و ئـازادى وخۆشـبەختى خـۆى وهاوڕەگـەزەكانى بـە ديموكراسـى پێناسـە بكات. ئەم هەلومەرجە سەختەى ژيانى مليۆنەها ئينسان، ديموكراسـى وەك ئـەنتى تێـزى ديكتـاتۆرى لـە ژيـانى واقعـى ئـەو خەڵكـەدا مانـاى پێدراوە.

لـە ديمـوكراتيكترين وولاّتـانى دنيـاى غەربـدا، بەشـدارى فراوانـى خـەڵك لـە بـەڕێوەبردنى بـەكردەوەى كۆمەڵگـە و دەسـەڵات و ديـاريكردنى سياسەت وقانوون ، كراوەتە گێڕانى سيناريۆيەكى كلێشەيى هەڵبژاردن هەر چوار يان پێنج سـاڵ جارێـك . ئەمـە نـەك هـەر بەشـداريكردنى خەڵك لە دەسەڵات وبەڕێوەبردنى كۆمەڵگەدا نيە ، بەڵكو گواستنەوەى دەسەڵاتە لـە هێـزو تاقمێكـەوە بـە پەنجـەمۆرى كلێشـەيى خـەڵك بـۆ تاقمێكى تر. تەواوى بەشدارى خەڵك لە بەڕێوەبردنى كۆمەڵگەو دەسەڵاتدا  هەر چوار ساڵ جارێك تەنيا پێنج دەقيقەيـە !. گومـان لـەوەدا نيە هێشتا ئەم دەسەڵاتانە باشترە لە دەسەڵاتى سەركوتگەرى قەومى ودينى . بەڵام پێناسەكردنى ئـەم سيسـتەمە بـە بوارێـك بـۆ دەخاڵـەتى بەكردەوەى خەڵك لە سياسەت و دەسـەڵاتى سياسـيدا ، فريوكارانەيـە . بەشدارى نـەكردنى زيـاتر لـەنيوەى خـەڵكى ئـەوروپا و ئـەمريكا لـە هەڵبژاردنەكاند ا، بەڵگەى بێكەڵكى تەجرەبەكراوى ئەو سيستەمەيە لەلاى خەڵك و نيشانەى لەكەنارى دەسەڵاتدا ڕاگرتنى خەڵك و بێبايەخ كردنى سياسەتە لە وولاّتدا .

بەهـەرحاڵ بـوونى لێكدانـەوەى جيـاواز و زۆر جاريش دژ بەيـەك لەلايـەن ڕەوتـى جۆراوجـۆرى سياسـى و كۆمەڵايەتيـەوە لەسـەر چـەمكى ديموكراسـى ، ئـەم چـەمكەى بـە ناڕۆشـنترين و ناديـارترين دەسـتەواژە لـە فەرهـەنگ و چـەمكى سياسـيدا پێناسـە كـردووە . بزووتنـەوەى هەقخوازانەى خەڵك بۆ ئازادى بيروڕاو بەيان و هەڵسوڕانى سياسى ، تـا دەگـات بـە ئارەزووەكـانى حـاجى ئاغـاى شـاڵ سـەوز و داخراوتـرين حزبى عەشيرەتى ، تا دەگات بەلايەنگرانى شەرفگەرايى و گەرمكەرانى كۆڕى تايەفەو قەبيلە ، هەموو ئەندازەى بالاّى خۆيان بە ديموكراسى دەگرن و خواست و قازانج و بەرژەوەنديە جياواز و دژ بەيەكەكانى خۆيانى لەژێردا پێناسە دەكەن .

بە پێچەوانەى پێناسەكەى (سەرۆقادر) ەوە ، ديموكراسى بەوێنەى حكومەتى هەڵبژێردراوى خەڵك ( كـە ديـارە مەبەسـتى سـەرەكى ئـەوە) ، دەستەواژەيەك بوو ، كە بۆرژوازى تازە شكلگرتو و ڕوو لەگەشەى ئەوروپا لەبەرامبەر دەسەڵاتى ڕەهاى مەليك و سـەركوتگەرى كلێسـا دا لـە حكومەت و دەسەڵات و ئابوورى وسياسەت ، لە سەدەى ١٨ و ١٩ دا هێنايە ئاراوە . هەڵبـەتـە دەسـتـەواژەى (حكومـەتى هەڵبـژێردراوى خـەڵك) كە (سەرۆ قادر)  زۆر جێگاى ئاماژەيەتى و لەڕاسـتيدا بـاوترين پێناسـەى ديمكراسـى دنيـاى ئەمڕۆيـە ، خـۆى موبهەمـە . چـونكە بەشـدارى خەڵك لـە هەڵبژاردنـدا لەسـەرەتاى هاتنەكايـەوەى چـەمكى ديموكراسـيدا ، تـەنيا خانـەدان و خـاوەن سـەرمايەكانى دەگرتـەوە . لەسـەرەتادا

کرێکاران ، ڕەش پێستەکان ، پەنابەران ، ژنان و بەشی دەستکورتی کۆمەڵگە ، بەشێك نەبوون لە هاووڵاتیان و ئەو پێناسەیە نەیدەگرتنەوە . بۆیە بەشداری بەشەکانی تری کۆمەڵگە لە هەڵبژاردندا ، خەباتێکە کە لە دەرەوەی دەسەڵاتەکان و بەشێوەیەکی غەیرە قانوونی و لەژێر ئاسۆی بزووتنەوە کۆمەلاَیەتیەکانی تردا بە درێژایی مێژووی دووسەدەی ڕابردوو چووەتە پێشەوەو ئێستا کراوەتە میراتی دیموکراسی ئەمڕۆ . هەرجۆرێك بێت و بەهەر ئاڵوگۆڕێکەوە کە بەسەر ئەم چەمکەدا هاتووە ، کۆمەڵگەی هاوچەرخی ئەمڕۆ لەگەڵ واقعیەتێك بەرەو ڕووە کە پێی دەڵێن دیموکراسی . دیموکراسی لە بناغەدا بەرهەمی ڕەوتی گەشەی سیستەمی سەرمایەداریە.

بەلاَم ئەم ڕەوتی گەشەکردنە لە ووڵاتانی ڕۆژهەلاَت بەسەرئەنجامی پڕاوپڕی خۆی نەگەیشت و لەنیوەی ڕێگادا پەکی کەوت .

لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم ، سیاسەتی پەرەسەندنی پیشەسازی و گواستنەوەی تەکنۆلۆژیا ، کەپێویستی گەشەی سەرمایەداری ووڵاتانی شەرق بوو ، لەلایەن غەربەوە گیرایەبەر، کە لەگەڵ خۆیدا ڕەوتێکی بۆ مۆدێرنیزەکردنی ئیداری و ئابووری و فەرهەنگی لەم ووڵاتانە هێنایە ئاراوە . بزووتنەوەی سکۆلار- ناسیونالیزم ئەرکی بەسەرئەنجام گەیاندنی ئەم ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆنەی لە ئەستۆبوو . بەلاَم قووتبوونەوەی دەوڵەتی ئیسرائیل و دەستپێکردنی کێشەی عەرەب – ئیسرائیل لەلایەك و بەلای بلۆکی شەرقدا وەرگەڕانی بەشی زۆری ووڵاتی شەرق و دنیای عەرەب لەلایەکی ترەوە ، دەستی غەربی لە بەسەرئەنجام گەیاندنی پرۆسەکە کێشایەوە. و بەمجۆرەپرۆسەکە لە کۆتایی دەیەی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا لەنیوەی ڕێگادا شکستی خوارد . ئەم وەزعیەتە هاوکات بوو لەگەڵ پەرەگرتنی زنجیرەیەك قەیرانی حکومەتی لە ناوچەکەدا و ئیسلامی سیاسی لەنێو ئەم قڵشتەدا وەك بزووتنەوەیەکی سیاسی سەری دەرهێنا . بەم شێوەیە شکلگرتنی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆرژوایی لەم ووڵاتانەدا ، ناکام مایەوە و دەسەڵاتە مەلەکیە سەرکوتگەرە ڕەهاکان ، لەئاستی سەرەوەیاندا گۆڕان بە دەسەڵاتی سەرکوتگەر و کۆنەپەرستانەی قەومی ، و ئیسلام بووە پایەیەکی سەرەکی دەسەڵاتی سەرمایەداریان .

ئێستا ئیتر ئاشکرایە شکڵ نەگرتنی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆرژوایی لەڕەوەندی گەشەی ئابووری و سیاسی و ئیداری سەرمایەداری ووڵاتانی شەرقدا ، زەمینەی پەیدابوونی ئەحزاب و سوونەتی لیبراڵی لە کۆمەڵگەدا ووشك کرد . ڕیشەی پەیدانەبوونی ئەحزابی لیبراڵ و سۆسیال- دیموکرات لەووڵاتانی شەرقدا لێرەدایە .

نیزامی پەرلەمانی کە ئەلگۆی ئیداری و حکومەتی سوونەتی لیبرالیە ، پێویستی بە ئەحزابی لیبرال و چەندین شەخسیاتی ناوداری لیبرال و سۆسیال- دیموکرات هەیە ، کە ڕیشەیان لە مێژووی ئابووری سیاسی سەرمایەداری کۆمەڵگەدا هەبێت . ئەوەی کە بەزۆر ووشەی لیبراڵ و سۆسیال- دیموکرات دەخرێتە سەر هەندێك ئەحزاب و شەخسیاتی سیاسی ووڵاتانی شەرق ، جگە لە فریوکاریەکی منداڵانە شتێکی تر نیە . ئەوانە هەموویان ئەحزابی ناسیونالیست و مەزهەبیین و بچوکترین پەیوەندی بە مەوازین وپرەنسیپ و مێژووی دیموکراسی لیبرالیەوە نایان بەستێتەوە .

نیزامی پەرلەمانی و دیموکراسی لیبرالی ، بەوێنەی ڕووبینایەکی سیاسی لە کۆمەڵگەی شەرقدا ، توانای بەدیهاتن و مانەوەو دووبارە خۆ بەرهەمهێنانەوەی نیە . بۆیە تەواوی پەرلەمانەکانی ووڵاتانی ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاست ، جگە لە کارتۆنێکی هیچ کارە ، شتێکی تر نین . ڕەنگە باشترین نموونەیان پەرلەمانی تورکیا و ئیسرائیل بێت ، کە هەر لەحزەیەك و لەسەر بناغەی هەر پێداویستیەکی چینی دەسەلاَتدار، سووپا و ئۆرگانەنهێنیە هەڵنەبژێردراوەکانی پشتی پەردە ، دەتوانن لە چەند سەعاتێکدا هەڵیبوەشێننەوەو ئەندامەکانی بنێرنەوە بۆ ماڵەوە .

## ووڵاتانی ڕۆژهەلاَت و دیموکراسی

من پێشتر ووتم لە ئاکامی شکستی ڕەوتی ناسیونالیزمی سکۆلاردا لە ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاست ، کە پەیکەرەی ئەسڵی بەڕێوەبردینی مۆدێرنیزەکردنی ئابووری و ئیداری و کۆمەلاَیەتی سەرمایەداری ئەم ووڵاتانەی لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوودا لە دەستدابوو ، ئیسلامی سیاسی وەك ئەڵتەرناتیڤێك هاتەمەیدان و گەشەی کرد . بەم شێوەیە ڕەوتی پرۆسەی گواستنەوەی تەکنۆلۆژیا و پێشکەوتنی پیشەسازی ، کە بێشك پێشکەوتنی ئیداری و فەرهەنگیشی بەدوای خۆیدا دەهێنا ، بەسەر ئەنجام نەگەیشت و شکستی خوارد . سەرەکیترین فاکتەری دواکەوتوویی ئابووری و پیشەسازی و ئیداری و فەرهەنگی ووڵاتانی ڕۆژهەلاَت بۆ ئێرە دەگەڕێتەوە . ڕووبینای سیاسی ئەم ووڵاتانە بە تەواوی وەلاَم دەرەوە و سەرچاوەگرتووی ژێر خانی ئابووری و پەیوەندیە ئابووریەکانیەتی . لەم ووڵاتانەدا بۆ ئەوەی چەرخی بەرهەمهێنانی سەرمایە بسوڕێت و سوودو قازانجی سەرمایە کەڵەکە بێت و بە وێنەی نیزامێکی ئابووری کۆمەلاَیەتی بەرهەم بێت و دووبارە خۆی بەرهەم بێنێتەوە ودرێژە بە مانەوەی ژیانی خۆی بدات . دەبێ دەسەلاَتی سەرمایە نرخی هێزی کاری کرێکاران لەهەرزانیدا و دەنگیان لە بێدەنگیدا ڕابگرێت . دەبێ دەسەلاَتی سەرمایە شانی خۆی لە ئاست لێپرسراویەتی لە ژیانی بەشی هەرە زۆری خەڵکدا خاڵی بکاتەوە و ژیان وگوزەران وبیمەکۆمەلاَیەتیەکان و خزمەتگوزاریەکان لە خوارترین ئاستدا ڕابگرێت ، دەبێ هەوڵبدات کەمترین بوار بۆ هەڵبڕینی دەنگی ناڕەزایەتی جەماوەری بێبەش بهێڵێتەوە . دەبێ نایەکسانی ژن و پیاو بکاتە قانوونی ڕەسمی و دانیشتوانی کۆمەڵگە بە

دووبەشی نایەکسان و دژ بەیەك دابەش بکات ، دەبێ پەرەبدات بە دەمارگیری قەومی و دینی تا ڕیزەکانی خەڵك بەسەر ئەو ناسنامانەدا دابەش بکات و لێکیان بترازێنێ و لەیەکگرتوویی دووریان بخاتەوە ، دەبێ کۆمەڵگە لە نەخوێندەواری و تاریکیدا ڕابگرێت . دەبێ ............

بۆ ئەنجامدانی هەموو ئەم ئەرکە قوورسانەی دەسەلآت . پۆلیس و دەیان هێزی سەرکوتگەری ئاشکراو نهێنی پێویستە ، قەدەغەکردنی ئازادی خۆپیشاندان و مانگرتن و چالاکی سیاسی و ڕادەربڕین پێویستە ، وەزارەتی ئەوقاف و کۆمپانیای بەرهەمهێنانی فریوکاری و زیندوو ڕاگرتنی فەرهەنگی دواکەوتوو و ووڕو گێژکردنی ئینسانەکان پێویستە ، گرتن و زیندان و ئەشکەنجە و ئیعدامی ئازادیخوازان و ناڕازیان پێویستە . بۆیە لەم وولآتانەدا تەواوی توانا دەخرێتە گەڕ تا بەر بە هەرجۆرە خۆپیشاندانێك و نمایشێکی جەماوەری بگیرێت ، چونکە لەسەر سەرەتاییترین خواستی ئابووری و خزمەتگوزاری ، بەخێرایی خۆپیشاندانەکان دەگۆڕێت بۆ خۆپیشاندانێکی تووندو تیژی سیاسی و شیعاری (بڕوخێ) جێگای هەموو شتێك دەگرێتەوە . چونکە لە ڕوانگەی خەڵکەوە هەر لەحزەیەك دەوڵەت لە ژێر پرسیاردایەو دەبێ بڕو ا . ئەم دەسەلآتانە بۆ مانەوەی خۆیان هەموو ڕۆژێك دەبێ خوێنی خەڵك بڕێژن . هەموو ڕۆژێك دەبێ دووبارە زیندانەکان پڕ بکەنەوە . ڕەنگە ژمارەی زیندانیانی وولآتانی ڕۆژهەلآت و دنیای عەرەب ، لە ژمارەی زیندانیانی سێ لەسەر چواری گۆی زەوی زیاتر بێت .

لە وولآتێکی گەورەی وەك و ئێراندا ئەگەر دین لە دەوڵەت جیابکرێتەوە ، یەك ڕۆژ دەوڵەت ناتوانێ بە پێوە ڕابوەستێ و دەڕوخێ !.

لەوولآتێکی وەکو سعودیەدا ئەگەر تەواوی ژنانی سعودیە بە پێلآوی بەرز و تەنوورەی کورتەوە بڕژێنە سەر شەقامەکانی ڕیاز، کۆمەڵگە ئینفیجار دەکات !.

بەم پێیە دیموکراسی و سیستەمی پەرلەمانی هیچ سازگاری و ئاوێزانیەکی لە گەڵ نیازی ئابووری سەرمایەی ئەم وولآتانەدا نیەو کەمترین شانسی بەدیهاتن و بەپێوە ڕاوەستانی نیە . ئەمە میکانیزمی کۆمەلآیەتی چەرخاندنی ئەم کۆمەڵگایانەیە ، کە( سەرۆ قادر) سەری لێ دەرناکات.

## دیموکراسی و دەسەلآتدارەتی لە عێراق!

دوای تێپەڕبوونی زیاتر لەچوار ساڵ بەسەر جەنگ و داگیرکاری عێراق لەلایەن ئەمریکاوەو تەنینی زیاتر لە سێ لەسەر چواری عێراق بە ئیسلامی سیاسی (هەروەك بەر لە ڕوودانی جەنگ پێشبینیمان دەکرد) ، ئێستا ئیتر دەلیلێك پێویست نیە بهێنرێتەوە بۆ نیشاندانی ناوەڕۆکی پووچ و فریوکارانەی سیاسەتی بە دیموکراتیزەکردنی عێراق ( پرۆژەی ڕۆژهەلآتی ناوەڕاستی گەورە) لەلایەن ئەمریکاوە ، کە زۆرێك لە ڕۆشنفکرانی ناسیونالیستی عەرەب و کورد کەوتبوونە داوی .

جەنگی ئەمریکا ویڕای وێرانکاری و هەڵوەشاندنەوەی شیرازەی مەدەنی و نابووتکردنی بنەمای ئابووری و خزمەتگوزاری کۆمەڵگەو قەتڵی عامی سەدان هەزار ئینسانی بێتاوان ، پاشەکشەیەکی ماددی ومەعنەوی وەهای بەسەر فەرهەنگی سیاسی کۆمەڵگەدا داسەپاندووە ، کەقسەکردن لەسەر دیموکراسی بەوناوەڕۆکە کلێشەییشەوە کە پێشتر لە وولآتانی ڕۆژهەلآت باسم کرد ، جگە لە گاڵتەجاڕبوونی خاوەنەکەی هیچ شتێکی تر نیە .

گەر وەك ئەگەرێکی خەیاڵی ، ئەو واقعیەتە لە عێراقدا بێنینە پێش چاومان ، کە هەر ئێستا هیچ فیشەکێك لە لولەی تفەنگی هیچ کەسێکەوە نایەتە دەرەوە ، ئێستا گوێ بیستی هیچ تەقینەوە و ئاوارەبوونێکی خەلکی لە ناوچەکانی خۆیان نابین و ڕەوشی ئەمنی وولآت بەتەواوی ئاسایی بۆتەوە . سەرباری ئەمانەش ئەگەر کەسێك لەو باوەڕەدا بێت کە لەسایەی ئەم دەستوورو حکومەتەدا دەتوانێت خاوەنی تەنانەت کلێشەییترین حکومەتی دیموکراتیك بێت لە عێراقدا ، جگەلە بێئاگایی خۆی لە دنیا ، هیچ شتێکی تر بەیان ناکات . چونکە بەپێی ئەو دەستوورە ، کە ئیدارەی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بە نموونەییترین دەستووری دیموکراتیك لە ناوچەکەدا ناوزەدی دەکەن . تاکی کۆمەڵ لەبەرامبەر دەوڵەت و قانووندا ، نەك بە ناسنامەی هاوولآتی بوونیەوە ، بەڵکو بەناسنامەی دینی و ڕەگەزی وتایەفەیی و قەومی داتاشراوەوە پێناسە کراوە ، . چونکە دەستوور لە بناغەدا هاوولآتیانی عێراقی دابەشکردووە بەسەر زۆرایەتی و کەمایەتی قەمی و دینی و تایەفەییدا و بۆ هەر یەکێکیشیان کەم و زۆر کۆمەڵێك کوێخایان لە هۆڵێکدا کۆکردوەتەوەو ناویان ناوە پەرلەمان و نوێنەرانی خەڵك لە دەسەلآتدا ! . ئەمە لە پووچ پووچترە . ئەمە لەگەڵ سەرەتاییترین چەمکی دیموکراسی غەربیدا ناکۆکی هەیە . ئەمە لەگەڵ دامەزراندنی رووبینایەکی سیاسی بۆرژواییشدا ، کە گەرەکی بێت هەنگاوێك گەشەی ئابووری و پیشەسازی وولآت بەرەو پێش بەرێت ، نەك هەر ناکۆکی هەیە ، بەڵکو کۆسپە لە بەرامبەریدا . لەدیموکراسی تازە داهێنراوی ئەمریکاو غەربدا بۆ وولآتانی ڕۆژهەلآت ، مەلاو شەریعەت و مەزهەب و تایەفەو قەبیلە ئیحتیرامیان هەیەو بەشێکن لە کەلتووری کۆمەڵگەو دەبێ بپارێزرێن!!.

هەڵبەتە ئەوەی کە باسم کرد بە لەبەرچاوگرتنی ئەگەر یکی خەیاڵی بوو . دەنا هەر ئێستا تەماشا کەن . پەرلەمانێکی عێراقی کە توانای پاراستنی ئەمنی کافتریای ئەو دیوو هۆڵی کۆبوونەوەکانی خۆیشی نیە ، خەریکی ساغ بوونەوەیە لەسەر پرۆژە بڕیارێك کە: (هەر ژنێك

هاوسەرەکەی گیانی لەدەستدا، دەبێت بۆ ماوەی چوارمانگ و دە ڕۆژ لەماڵەوە دابنیشێت و بۆی نیە تێکەڵاوی کۆمەڵگە ببێت تا ئەوماوەیە تەواو دەکات) !. هیچ ژنێك مافی ئەوەی نیە کە خاوەنی پاسپۆرتی شەخسی خۆی بێت و بەتەنیا سەفەر بکات !.

لەسایەی ئاوها دەسەڵاتێکدا ، دیموکراسی دەتوانێ چوارچێوەی ئیعلامی وئایدیۆلۆژی لایەنگرانی پێشووی ڕژێمی بەعس بێت بۆ گێڕانەوەی ڕژێم بۆ دەسەڵات !!. ئەمە پاشەوپاش گەڕانەوەیەکی مەترسیداری فەرهەنگی سیاسی کۆمەڵگەیە ، کە لە ئاکامی جەنگێکی ماڵوێرانکەردا بەسەر کۆمەڵگەی عێراقدا داسەپێنرا . مەعلوم نیە دەبێ خەڵکی عێراق ، لەدوای زیاتر لە ٣٥ساڵ ژیان لە ژێر سایەی یەکێك لە ڕەشترین ڕژێمە چەوسێنەرەکانی دنیادا ، چەندێك بەهای گیانی تر بدەن ، تا بەهۆی سوونەبوون و شیعەبوون و تورك بوون و کورد بوون و مەسیحی بوونێك کە بەدەر لە ئیرادەی خۆیان بە بالآیان بڕاوە ، بێماف و هاوولاتی دەرەجەچەندەم نەبن . ئەگەر قەراربێت یەك ووشە قسە لە دیموکراسی و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخی ئەمڕۆ لە عێراقدا بکرێت ، دەبێ بەر لە هەر شتێك ئەوانەی کە ئێستا دۆستی ئەمریکان و دەسەڵاتیان بەدەستە ، دەست کۆتا بکرێن و لەسەر ڕێگا لابرێن .

## دیموکراسی و دەسەڵاتی کوردایەتی !

بەر لەوەی ئینسان هیچ قسەیەك لە سەر ڕەوشی دیموکراسی لەو جوگرافیایەدا بکات کە پێی دەڵێن کوردستان ، دەبێت لە پێشدا چاوێك لە ڕەوشی سیاسی و هاوکێشە سیاسیەکانی کۆمەڵگە بکات . کۆمەڵگەی کوردستان زیاتر لە ١٦ساڵە گیرۆدەی هەلومەرجی سەرگەردانی سیاسی و هەڵواسراوی ناسنامەی وولاتیەو هێشتا دەربازی نەبووە . دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس دەسەڵاتدارانی کوردستان بە لکاندنەوەی کوردستان بە عێراقەوە ، وەلامیان بەو کێشەیە دایەوە . بەلام بەو هۆیەوە ئاکامەکانی جەنگ تەواوی کۆمەڵگەی عێراقی نوقمی قەیرانی سەرگەردانی کرد ، چارەنووسی کوردستان هەروا بە سەرگەردانی مایەوە . ئێستا دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی کوردستان لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بە دیار یەکلابوونەوەی هەلومەرجی ئاڵۆزی عێراقەوە ڕاگیراوە . تا ئەوکاتەی کوردستان جا بەهەر شێوەیەك بێت ( فیدڕاڵی یان شێوەیەکی تر) وەك بەشێك لە عێراق پێناسە بکرێت ، دەبێت بنەمای تەواوی دەستوورو یاساکانی لەمەرکەزەوە سەرچاوە بگرێت و هیچ ناکۆکیەکی لە گەڵ ئەودا نەبێت . بەم پێیە هەر جۆرە پرۆسەیەکی سیاسی لە کوردستاندا ناتوانێت لە ژێر کاریگەری ڕەوشی سەراسەری عێراقدا نەبێت .

وەرن باجارێکی تر خۆمان بەرینەوە نێو خەیاڵێکی تر و گەشتێکی تر بە نێو ئەو سیناریۆیەدا بکەین کە (سەرۆقادر) و قەڵەم بەدەستانی دەسەڵات ناویان ناوە پرۆسەی دیموکراسی و گوایە ڕەوەندێکی سەرکەوتوانەی باشی لە کوردستان بڕیوە .

لە وەلامی ئەو پرسیارەی هەفتەنامەی (جەماوەر) دا: (هێزە سیاسیەکانی کوردستان دوای چەندین ساڵ گرژی نێوانیان ، ئیسپاتیان کردووە ئەگەر ناچاری نەبێت هیچیان ئەو تریانی قبووڵ نیە؟) . (سەرۆقادر) دەڵێ (....دەبێ بزانین لە هەموو دنیادا ئەوە حزبەکانن بڕیاری دامەزراندنی سیستەمی دیموکراسی دەدەن و یەکەمین یاسا ئەوان لەسەری ڕێك دەکەون . سەیری یاسای ژمارە یەکی پەرلەمانی کوردستان بکە چۆن بڕیاری بەرەی کوردستانی پەسەند کردووەو بە بناغەی دامەزراندنی سیستەمی پەرلەمانی کوردستانی داناوە....)!

ئەو قسەیەی (سەرۆقادر) بە کەمێك ووردبینی زیاترەوە ، بەتەواوی دروستە . بەلام نەك لە هەموو دنیادا ، بەڵکو لەووڵاتانی ڕۆژئاوادا ، ئەوەحزبەکانن ڕووبینای سیاسی و حکومەتی دەسەلاتی سەرمایەداری بە دیموکراسی پەرلەمانی پێناسە دەکەن و بەکردەوە بەڕێوەی دەبەن . بەلام پرسیاری سەرەکی لێرەدایە . کام حزبانە ؟. ئەو حزبانەی کە سەرچاوەگرتووی سوونەتی کۆمەلایەتی لیبرالیزمی بۆرژواییین و لە ڕەوەندی گەشەی سەرمایەداری ئەو وولآتانەدا مێژوویەکی دوورو درێژیان لە نێو سوختوساز و کارو کاردانەوەی ئابووری سیاسی ئەو وولآتانەدا پشت سەر ناوەو لەم ڕێگایەدا سەدان شەخسیاتی ناسراوی لیبرال و دیموکراتیان وەبەرهێناوە . بەهۆی هەلومەرجی پاشکەوتووی ئابووری سەرمایەداری وولآتانی ڕۆژهەلآتەوە کە پێشتر ڕیشە مێژووییەکەیم باس کرد ، سوونەتی لیبرالیزمی بۆرژوایی لەم وولآتانەدا شکڵی نەگرتووە . دامەزراندنی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆرژوایی نزیك بە نیو سەدە لەمەوپێش شکستی خوارد . جا ئەگەر ئەم پێوەدانگە بۆ وولآتانێکی گەورەی وەك ئێران و میسر دروست بێت ، کە دەگەیت بە کوردستان لەگەڵ مەسخەرەو گاڵتەجاڕی بەرەو ڕوو دەبیت .

ئەو حزبانەی کوردستان کە (سەرۆقادر) دەڵێ بڕیاری دامەزراندنی سیستەمی دیموکراسی لە کوردستان دەدەن کامانەن ؟! . شەخسیاتەناسراوە لیبرال و دیموکراتەکانیان کێن ؟! . قسەیەکی منداڵانە کە زۆر جار لە زمانی لیپراسراوان و ڕابەرانی حزبە دەسەلاتدارەکانەوە گوێبیستی دەبین ، ئەوەیە دەڵێن : ئێمە باوەڕمان بە دیموکراسی هەیە! . دیموکراسی وەك چەمکێك و شێوازێکی دیاریکراوی حکومەت کردنی سوونەتێکی بۆرژوایی ، بەرهەمی گەشەی کۆمەڵگەی سەرمایەداریە ، نەك بیردۆزێکی فیزیایی بێت ، تا کەسێك بڵێت باوەڕم پێیەتی یان نیەتی !. پەیڕەوکردنی سیستەمی دیموکراسی پەرلەمانی ، شێوازی حکومەتی و ئیداری سوونەتێکی دیاریکراوی نێو دەسەلآتی سەرمایەداری هەر وولآتێکە کە پێی دەڵێن لیبرالیزم . ئەو حزبانە خۆیان زادەی ئەو سوونەتەن ، نەك ئەوەی بڕوایان بەو سوونەتە هەبێت و بەباشی بزانن . ئەحزابی دەسەلآتداری کوردستان خۆیان زادەی سوونەتی ناسیونالیزمی کورد

وبزووتنەوەی کوردایەتین ، نەك ئەوەی باوەڕیان بە کوردایەتی هەبێت . ناکرێ هەر کەسێك چاکەت و پانتۆڵی لەبەر کرد و بۆینباغی بەست ، بەلیبراڵ و سۆسیال — دیموکراسی خۆی دەرخواردی کۆمەڵگە بدات !.

حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان کە (سەرۆقادر) پێی وایە ڕەوەندێکی باشیان لە پرۆسەی دیموکراسی بڕیوە . ١٦ ساڵی ڕابردووی دەسەڵاتیان ، باشترین بەڵگەی ئەوەیە کە خۆیان لەمپەرێکی گەورەن لەبەردەم گەشەی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی کۆمەڵگەداو نوێنەرایەتی دواکەوتووترین سوونەتی کۆمەڵایەتی نێو کۆمەڵگە دەکەن . ١٦ساڵە دەسەڵاتیان بەسەر چارەنووسی کۆمەڵگەدا گرتووە بەبێ ئەوەی بۆ تەنیا یەك جاریش خرابنە بەردەم هەڵبژاردنێکی ئازادانەی خەڵك ! . ئەحزابێك کە لە پێناوی پاراستنی ناوچەی دەسەڵاتی خۆیاندا ، وێڕای بە کوشتدانی هەزاران لاوی کۆمەڵگە و ئاوارەکردنی دەیان هەزاری تر لە وڵاتی خۆیاندا ، کوردستانیان کردبێتە دووبەرەی دژ بەیەکی جەنگ !. ئەحزابێك کە بەبێ هیچ لێپرسینەوەیەك و پێداچوونەوەیەك بە دەفتەری حساباتیاندا ، ملیۆنەها دۆلاریان لە پارووی دەمی خەڵك و سەروەتی کۆمەڵگە بۆخۆیان بردبێ !، ئەحزابێك لە ژێر دەسەڵاتی تا ئێستایاندا زیاتر لە ٣٣ هەزار ژن ئەنفال کرابێ !، ئەحزابێك بەڕەسمی و بەکردەوە قانوونی نایەکسانی ژن و پیاو و کوشتنی ناموسی بەڕێوەبەرێت و مزگەوت و مەلاو شەریعەت سەرەکیترین فۆنکسیۆنەکانی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی بێت !، ئەحزابێك دوای ١٦ ساڵ دەسەڵاتدارەتی هێشتا ، نەك هەر خەبەرێك لە ئاوو کارەبا و سووتەمەنی و دامەزراوەی خزمەتگوزاری نەبێت ، بەڵکو وەڵامیشی بۆ نارەزایەتی خەڵك لە دژی ئەو جەهەنەمە تەنیا فیشەك و زیندان بێت !. ئەحزابێك کە قانوونیەت و هەقانیەتی دەسەڵاتەکەی ، نەك لە ڕەئی ئازادانەی خەڵك بە بەرنامەو سیاسەتیان ، بەڵکو لە فیشەك تەقاندنی شاخ و دڕاندنی پێڵاوی لاستیك و ژماوەی کوژراوەکانیەوە وەربگرێ !. ئەحزابێك کە لە سایەی دەسەڵاتیاندا تەسکیەی حزبی مەرجی پەیداکردنی نان و کاری هاووڵاتیان بێت !. ئەحزابێك ئەمانە مێژووی کارو کردەوەو سیاسەتی نزیك بە دووهەیەیان بووبێت ، خۆ خەڵەتاندنە لەو باوەڕەدا بیت دەتوانن کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن بەکەمترین ستانداردی کۆمەڵگەی ئەمڕۆ دابمەزرێنن !.

( سەرۆقادر) دەڵێ : (دیموکراسی وەك سیستەمێکی لەبار، تواناکانی وڵاتێك بۆ پێشکەوتن دەکاتەوە ، بەڵام پێویستە خودی کۆمەڵگە ئامادەیی گۆڕانی تێدا بێت ، تا دیموکراسی ببوژێتەوەو ئابووری گەشە بسەنێ و کلتوور بگرێتەوە) .

منداڵێکی خوێندنی سەرەتایش ئەو ڕاستیە حاشاهەڵنەگرە دەزانێ ، کە بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگەی کوردستان ڕۆژانە بە چنگ و ددان هەوڵدەدەن کۆمەڵگە بە باری ئینسانی و پێشکەوتندا بگۆڕن و دەسەڵاتداران ناهێڵن . زیاتر لە ٨٠٪ ی ئەرکی شەوو ڕۆژی دەزگاکانی ئەمن و پێشمەرگەو پاراستن و زانیاری ، گرتن و لێدان و چاوەدێریکردنی ئەو خەڵکەیە کە دەیانەوێ کۆمەڵگە بگۆڕن . ئەو خەڵکەی کە لە بێ قانوونی و بێ حکومەتی بێزارن ، ئەو خەڵکەی کە بێزاریان لە دژی گەندەڵی و دزی و ڕاووڕووت هەتا لووتیان هاتووە . ئەو خەڵکەی کە لە سەدەی بیست ویەکدا دەیانەوێ ماڵەکانیان ڕووناك بێت ! ،ئەو خەڵکەی کە نەفرەت لە ڕەشەکوژی ژنان دەکەن و خوازیاری یەکسانی تەواوی ژنان و پیاوانن . کەچی سەرۆ قادر پێیان دەڵێ : (ئەوە کۆمەڵگەیە ژنان دەکوژێ) . لەکاتێکدا ڕاوێژکارەکانی دەسەڵات لەمەڕ کوشتنی ناموسی ژنان . (مەلابەشیر) و وەزارەتی ئەوقافە ، نەك ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پسپۆڕانی زانکۆکان !. هۆیەکەی تەنیا ئەوەیە کە دەسەڵاتی کوردایەتی قازانج و بەرژەوەندی دەسەڵاتەکەی لە دواکەوتوویی و پاشەوپاش گەڕانەوەی کۆمەڵگەدا دەبینێ ، نەك لە پێشکەوتنی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی کۆمەڵگەدا .

(سەرۆ قادر) دەڵێ : ( جیاوازی بیرورا بووەتە بەشێك لە کەلتووری سیاسی کوردستان و ئەمە یەکێك لە باشیەکانمانە ، بەڵام هەندێك لە هاووڵاتیان نازانن لە چوارچێوەی مافەکانی مۆرڤو یاساکانماندا بەکاری بێنن . بۆیە زۆر جار دووچەشنی جیاوازی لێدەکەوێتەوە . ١- یان پێشێلی مافەکان و یاساکان دەکەن وەك کوشتنی ژنان و گەندەڵی و قبووڵنەکردنی ئازادیەکانی کەسوکارو خەڵکی دیکەش .٢- بەشێکی دیکە بە ئەنارشیستانە بەکاری دەێنن ، وەك ئەو سووکایەتی و ناوزڕاندن و بوختانانەی لە هەندێك بڵاوکراوەو سایتدا هەیە).

من هەرچی هەوڵم دا نەمتوانی پەیوەندی نێوان جیاوازی بیروڕاو کوشتنی ژنان پەیدا بکەم !. نازانم بۆچی خراپ کەڵك لێوەرگرتنی ئازادی بیرورا ، کوشتنی ژنان و گەندەڵی و ناوزڕاندنی لێدەکەوێتەوە ؟! . ئەگەر وابوایە دەبوو ئێستا وڵاتانی ئەوروپای غەربی کە تا ڕادەیەکی زۆر ئازادی بیروڕای تێدا بەرقەرارە ، ژنی تێدا نەمایەو سەرتاخواری دەسەڵات غەرقی گەندەڵی مالی و ئیداری بووایە و ئابڕوو بە هیچ کەسێکەوە نەمایە !. لەکاتێکدا سەرۆکی هەرحزب و وڵات و پەرلەمانێکی ئەوروپا بچوکترین گەندەڵی و دزی لێ دەرکەوێت ، جگەلەوەی میدیاکان ئابڕووی دەبەن ، هاوکات دادگا بە بەڵگەوە مەحکومی دەکات و خۆیشی ئەو شەهامەتەی هەیە کە دەستبەجێ دەست لەکار بکێشێتەوە.

نایەکسانی نێوان ژنان و پیاوان ، لەپەراوێزدا ڕاگرتنی ژنان و بوار نەدان بە بەشداریکردنیان لە بەرهەمهێنان و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا ، داسەپاندنی مناڵەبەری بەسەر ژناندا و بێ مەسئولیەتی دەوڵەت لە بەرامبەر بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵاندا ، تا دەگات بە

سوكایەتی و تەحقیر و بێماڤ و كوشتنی ناموسی ، كە ڤێزەونترین دیاردەی سیاسی و كۆمەڵایەتی كۆمەڵگەی كوردستانە و بەئاستێكی مەترسیدار گەیشتووە ، خۆی بەرهەمی سوونەتی عەشیرەتی و خێڵەكی و قەبیلەیی ئیسلامیە . دەسەڵاتە یەك لە دوای یەكەكان بەقازانجی مانەوەی دەسەڵاتیان كەڵكیان لەم سوونەتە وەرگرتووەو بەسەر كۆمەڵگەدا هێشتوویانەتەوە . ڕیشەی كوشتنی ژنان وا لەنێو ئەو قانوونانەدا كە دەسەڵاتی حزبەكەی (سەرۆ قادر) بەڕێوەی دەبات و بە قازانجی خۆی نابینێ بیگۆڕێ . كەسانێك كە دژی ژن و ژیانی شارستانی ومەدەنی ئەمڕۆن ، كەڵك لە دەسەڵات و ئەو قانوون و یاسایانە وەردەگرن و تاوان بە هەقی نزیكترین ئینسانەكانی دەوروبەری خۆیان ئەنجام دەدەن و سەربەرز وئازاد دەسوڕێنەوە.

ئەگەر لە كوردستاندا كەمترین كەشوهەوای دیموكراسی بەسەر كۆمەڵگەو دەسەڵاتدا زاڵ بوایە ، ئەگەر كەمترین ڕاستگۆیی سیاسی لەئارادا بووایە ، بەویژدانەوە كوشتن و سووتاندنی زیاتر لە دوو هەزار ژن تەنیا لە ساڵی ٢٠٠٦دا لە كوردستان ، كاڤ نەبوو ئەو دەسەڵاتە داوای لێبوردن لە خەڵكی بكات و دەست لەكار بكێشێتەوە ؟! . بۆیە مەسەلە نەزانینی خەڵك لە بەكارهێنانی قانوونەكان لە چوارچێوەی مافەكانی مرۆڤدا نیە ، بەڵكو زانینی بكوژانی ژنانە لە كەڵك وەرگرتنی پڕاوپڕ لەو قانوونە ئیسلامیەی لە كوردستاندا بەڕێوە دەچێت.

كۆمەڵگەی كوردستان دەبێت لە هەلومەرجی نادیارو هەڵواسراوی ئێستای دەربهێنرێ و چیتر بە دیار یەكلاكردنەوەی هەلومەرجی ئاڵۆزكاوو مەترسیداری عێراقەوە ڕانەگیرێ . دەبێ ناسنامەیەكی وولاتی لە ڕێگای ڕیفراندۆمێكی ئازادانەی دانیشتوانەكەیەوە بەم كۆمەڵگەیە بدرێت وببێتە وولاتێكی سەربەخۆی غەیرە دینی وغەیرە قەومی . تا بتوانرێت قسەكردن لە حكومەت و قانوون و پەرلەمان و دادگا و چەرخاندنی ژێرخانی ئابووری كۆمەڵگە مانایەكی هەبێت .

بۆیە هەرجۆرە ئاڵوگۆڕێك بە ئاقاری پێشكەوتنی سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە كۆمەڵگەی كوردستاندا ، لەگرەوی سەربەخۆیی كوردستان و دەست لە كاركێشانەوەی دەسەڵاتی میلیشیایی و غەیرە قانوونی و ناهەڵبژێردراوی ئێستای كوردستاندایە .

لە كۆتاییدا دەمەوێ بڵێم . لەسەر بناغەی ئاستی دواكەوتووانەی ئابووری و پیشەسازی وولاتانی ڕۆژهەلات ، شلگرتنی دیموكراسی پەرلەمانی غەربی بەوێنەی ساختارێكی سیاسی وحكومەتی بۆرژوایی هیچ شانسێكی وەدیهاتنی نیە . هەڵبەتە ئەمە بە هیچ شێوەیەك بەو مانایە نیە ، كە لەنێو ئەو كۆمەڵگایانەدا هیچ كەسێكی لیبراڵ ولایەنگرانی دیموكراسی پەرلەمانی لەئارادا نیە ، بەڵكو قسە لەسەر ڕەوتێكی بۆرژوا لیبراڵە ، كە مێژوویەكی لە نوێنەرایەتی كردنی ئابووی سیاسی سەرمایەداری كۆمەڵگەدا هەبێت و بەشێك بێت لە كارو كاردانەوەی مێژووی كۆمەڵگە . ئەگەربەزۆر سیستەمێكی پەرلەمانی غەربی بەسەر كۆمەڵگەكانی ڕۆژهەلاتدا دابسەپێنرێت ، ئەو دەسەڵاتە لە ڕەوەندی وەڵامدانەوە بە پێداویستیەكانی كەڵەكەی سەرمایەدا ، توانای خۆ بەرهەمهێنانەوەی بە وێنەی نێزامێكی سیاسی كۆمەڵایەتی نابێت و سەرئەنجام دەسەڵات لەگەڵ قەیرانی سیاسی و ئابووری بەرەو ڕوو دەبێت ، لێرەدا یان چەپ و كۆمۆنیزم دەسەڵاتی لە دەست دەردەهێنن و سیستەمێكی بەتەواوی جیاوازی ئابووری و سیاسی و كۆمەڵایەتی دادەمەزرێنن ، یان ڕاستی ناسیونالْ — ئیسلامی دەسەڵات دەگرێت و ئەو سەرخانە سیاسیە هاو تەریبە بە ژێرخانی دواكەوتووی ئابووری ، كە ئێستا لە وولاتانی ڕۆژهەلاتدا هەیە ، دادەمەزرێنن .

بۆیە لەم وولاتانەدا خەبات بۆ تەنانەت مافە دیموكراسی و زۆر سەرەتاییەكانی ئینسانیش ناتوانێت لەژێر كاریگەری و پێشڕەوی ئاسۆو ئامانجی سۆسیالیزمی چینی كرێكاردا نەبێت .

١ / ٦ / ٢٠٠٧